www.kurdistannet.org
28-12-2006 17:37بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# راپۆرتی بیکەر هاملتۆن وگەڕانەوەی دیکتاتۆریەت بۆ عێراق ... دلێر بەرزنجی

راپۆرته كه ی بیكه ر هاملتۆن به رهه می سالێك گه رانو راپرسی له گه ڵ نه ته وه كانی عێراق جگه له كورد، حیزبه كانو ته نانه ت میلیشیا چه گداره كانی ناو عێراقه جگه له هه ردوو حیزبه كه ی كوردوستان له لایه ن كاربه ده ستانو سیاسه ت گێڕانی ئه مه ریكاوه بۆ چاره سه ركردنی باری سیاسی عێراق و دۆزینه وه ی رێگه چاره یه ك بۆ ئه وگیرو گرفته ی كه به هۆی جه نگی عێراقه وه توشی ئه مه ریكا بووه و بۆته هۆی ناڕه زایی ده ربڕینو ره خنه گرتن له سیاسه تی ئه مه ریكا له لایه ن خودی ئه مه ریكێكان خۆیانو نه یاره كانی ئه مه ریكاوه كه به لایه نی دۆڕاوی ئه م جه نگه ناوی ئه به ن، هه وڵه كانی ئه مه ریكا بۆ به دیموكاسی كردنی عێراق و رازیكردنی هه موو پێكهاته نه ته وه كان و هه موو دیانه ته جیاكان به تا یبه تی سونه وشیعه به هه موو مه زهه به ناكۆكه كانی ناو شیعه وه كارێكی زه حمه ت بوو بۆ ئێستاو داهاتوی عێراق جگه له ولاتانی دراوسێی عێراق كه هه رگیز ئه و پرۆسه ی دیموكاسیكردنه ی عێراقیان پێ هه زم نه ئه كرا به تایبه تی فیدراڵی و حكومه تی هه رێم و چه ند ماڤێكی ره وای كوردیش كه حه زیان به بیستنی نه ئه كرد، هه رئه مه ش وایكردبوو كه بكه ونه پیلانی تێرۆرستی له عێراق داو هه وڵی تێكدانی باری ئاسایشی عێراق كه ئه مه ریكا ده سته وه ستان بوو له به رده م ئه م هه وڵانه دا ٠ فه رامۆشكردنی مافه سه ره كییه كانی كورد له راپۆرته كه دا به ئاشكرا دیاره، جا ئه مه ئه وه ناگه یه نێ چاره سه رێكی تریان بۆ كورد له به رنامه دا نه بێت له بری فیدراڵی و كه ركوك وسه روه تی نه وتی كوردستان، ئه مه ریكا له ماوه ی زیاتر له ١٥ ساڵی حوكمی كورد له لایه ن كه سانێكی وه كو بارزانی وتاله بانییه وه زۆر باش كوردو ئه م سه ركرده ی كوردییانه ی ناسیوه كه سه ركرده كانی كورد شه ڕ له سه ركه ركوك و خاكی كوردستان ناكه ن بۆ مافی كوردیش هه وڵناده ن، ئه مانه خۆیان بچوكترین مافی كوردیان بۆخۆیانو داروده سته كه یان زه وتكردووه، كه واته كورده بێ پاكه به پاره پێدان یان به كورسی و ده سه ڵاتی كارتۆنی رازی ئه كاتو له م حاڵه ته دا دڵی عه ره بی عێراق و وڵاتانی دراوسێو زۆربه ی وڵاتانی عه ره ب رازی ئه كات به مه ش كاری تێرۆرستی له عێراق تاراده یه ك كۆتایی پێ دێت، له لایه كی تر ئه مه ریكێكان خه ڵكی ره شوڕوتی كوردیان به بێ ده سه ڵاتو مل كه چی سه ركره كانی ناسیوه كه ئه گه ر چه ند خراپ بن و له مه زیاتر خوێنیان بمژنو مافه كانیان داگیر كه ن هیچ هه ڵوێستێكیان نابێتو یاخی نابن لێیانو به رد بارانیان ناكه ن، لێره دا ئه ڵێم من و ئێوه و خه ڵكی به شه ره فی كوردستان هه موو تاوان بارین كه به گژ ئه م خۆ فرۆش و دزانه ی كوردستانا ناچین و له كوردستان ده ربه ده ریان كه ین تا بۆ هه موو ناحه زو دوژمنێك ئاشكرابێت كه كورد زه لیلی و سه رشۆری له كه س قبول ناكات مافی خۆی ئه سه نێ ته نانه ت له سه ركرده ناره واكانی خۆشی ٠ بابێینه وه سه ر لێكدانه وه یه كی تری ئه م راپۆرته كه مافه دیموكراسێكان فه رامۆش ئه كاتو له دوارۆژدا ئه بێته هۆی حوكمی دیكتاتۆری و تاكه كه سی له عێراق دا ئه وه ش له م سێ خاڵه ی خواره وه به ئاشكرا ده رده كه وێت ٠ ١- وه لاخستنی به رێوه بردنی حوكمی فیدراڵی و ده سه ڵات نه دان به كورد مانای جارێكی تر كورد كه وته وه ژێر ده سه ڵاتی عه ره ب و رازی نه بونی دڵسۆزانی كورد به م جۆری حوكمه و كه وتنه خۆرێكخستنه وه ی كورد دژی ئه م حوكمه به مه ش جارێكی تر كوشتن و گرتن وماڵوێرانی به دوادادێت كه ئه مه هه رله حوكمی دیكتاتۆریدا هه یه ٠ ٢- گه ڕا نه وه ی حیزبی به عس كه ده مێكه ئه مه ریكا له وتو وێژدایه له گه ڵیانداو گه ڕانه وه ی ئه فسه ره كۆنه كانی حیزبی به عس كه ده ستیا ن هه بووه له كوشتنی خه ڵكی عێراقدا، په یره و وپڕۆگرامی ئه و حیزبه كه برواى به تاك ره ویو تاكه حیزبی هه یه كه ته نیا حیزبی

به عسه هه موو عێراق تالاٚوی ئه و دیکتاتۆریه ی بینی جا ئه گه ر جارێک له هه ڵبژاردنا ده رچێته وه ئه بێ ئه مجاره چی به خه ڵکی عێراق بکه ن ٠ ٣- رازیکردنی ولاٚتانی دراوسێی عێراق واته له باربردنی دیموکراسی و جێ خۆشکردن بۆ حوکمێکی دیکتاتۆری که سوریاو ئێران وتورکیا پشتیوانی لێ ئه که ن چونکه خۆیان هه مان حوکمی به رێوه بردنیان هه یه ٠ ئه مانه و سه رنه که وتنی ئه وپرۆسه یه ی که چوار ساڵه پێوه ی خه ریکه به ناو بۆ دیموکراسی کردنی عێراق که ئه مه ش هۆی سه رنه که وتنی زۆره لێره دا باسی لێوه ناکه ین، وای کردوه ئه مه ریکا قه ناعه تی گۆڕابێت که ته نیا حوکمی تاکه که سیو تاکه حیزبی و دیکتاتۆر له ژێرپه رده ی دیموکراسیدا بتوانێ حوکمی عێراق بکا ت، خۆ ئه گه ر یه دام حوسێن تا ئه م کاته نه گیرایه ئه وا بۆ ئه مه ریکا هیچ شوره یی نه ئه بوو وتو وێژی له گه ڵ بکردایه و بیگێڕایه وه بۆ حوکمی عێراق ٠

٢٠٠٦/١٢/١٨ ئه له مانیا